www.kurdistannet.org
29-4-2003 2:06

# نامەیەك بۆ هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

ئازاد موحەمەد

مێژووی ئێمەی کورد پێکهاتووە لە کوشت و بڕ و ئاوارەی و سەرگەردانی، ئەوەش هەرجارەی بە دەستی هێزەدەرەکیەکانی یاخود ناوخۆیەکان ڕوویداوە، دوژمنە یەك لەدوایەکەکان هەرگیز درێغیان نەکردووە لە ڕەش کوژی کردنی کورد و تاکوو ناوقەدیان لە خوێنی کەسانێك کە خوازیاری ئازادی و مافەکانیانن سوور بووە کەمترین ئازادیان پێ بەرەوا نەبینیوین لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك یاخود گروپێك بۆ بەرژەوەندیەکانی خودی خۆیان بەهەموو شێوەیەك هاوکار و پشگیری ڕژێمە سەردەست و فاشیستەکان بوون یاخود ڕاستتر بوونەتە داری دەستی ئەو ڕژێمە بەخۆشحاڵیەوە فەرمانی والیان بەجێهێناوە بێ هەست و سۆز و لە بەرچاوگرتنی مرۆڤایەتی، ئێستا ڕژێمی دکتاتۆری عێراق کە یەکێك لە دڕندەترین ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو لە ناو چوو کەوتە بەرنەفرەتی مێژوو بۆیە لەم کاتەدا دەرفەت لەبارە بۆ دادگای کردن و سزادانی کەسانێکی کە سەربەو ڕژێمە بوون و دەستیان لە کوشتن و لەناوبردنی کەسانی ئازادی خواز و بێگوناهدا هەبووە، بەڵکو لێخۆش بوون لەوجەلادانەی خزمەتی ئەو ڕژێمە فاشیستەیان کردووە خۆی لە خۆیدا تاوانێکە دژ بەمرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤـ، نمونەی کەسانێکی خۆفرۆشی وەك ( شێخ جەعفەر بەرزنجی، ئومێد مەدحەت، ئەرشەد زێباری، فواد هەمەوەندی. . . . هتد) و ئەو سەرۆك خێڵ و عەشیرەتانەی کەلەبەرەی بەعس بوون، پێویستە لە دادگایەکی ئاشکراو کراوەی گەلدا دادگای بکرێن و سزای خۆیان بچێژن، لە ناو ئەو تاوانبارانەی کە داردەست و جەلادی ڕژێمی بەعسی فاشیست بوون و لەکوشتنی سەدان و بگرە هەزاران مرۆڤی ئازادی خوازی عێراقی بەکورد و عەرەب و نەتەوەکانی ترەوە هۆکار بوون ڕێکخراوی ( موجاهدینی خەلقی ئێران) ە ئەم ڕێکخراوە کە سەرەتا بەناوی سەربەستی گەلانی ئێران دژ بەرڕژێمی مۆنارشی ئەو سەردەمەی ئێران سەری هەڵدا، دوای شۆڕشی ئیسلامیەکان لە ئێران بەفەرمی و بەشێوەیەکی گشتی پەیوەست بوون بەسەرانی هەڵگەڕاوەکان ( انقلاب) چیەکان و لەیەك بەرەدابوون، بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی هەندێك ناکۆکی لەگەڵ ڕژێمی نوێی ئەو سەردەمەی ئێران واتە سەرەتای هەشتاکان بەتایبەتی لەدوای ئازاد کردنی ڕەهینەو گیراوە ئەمەریکیەکان لە ئێران بە ڕێکەوتنێکی نهێنی لەپای ئازاد کردنی چەند کەسانێکی سەر بە گروپەئیسلامیەکانی وەك حزب الله، ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق ئەوەی وەکو خیانەت لەقەڵەم داو دژبەری خۆی بەرامبەر ڕژێمی ئیسلامی ڕاگەیاند ئەمەو چەند هۆکارێکی تر بووە هۆی ئەوەی ئەم ڕێکخراوە شەڕ لەبەرامبەر حکومەتی هاوپەیمانی دوێنێی خۆی ئێرانی ئیسلامی ڕابگەیەنێت، لەوکاتەوە ئەو ڕێکخراوە دەستی کردوە بەچالاکی دژبە ڕژێمی ئێران و چەندین تەقینەوەیان لە شارەکانی ئێراندا ئەنجامداوە، ڕاستە سەرەتا هەندێك لە چالاکیەکانیان کەسانی سەربەرژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێرانی بەئامانج گرت بەڵام لە دوایدا ئەم ڕێکخراوە لە هێڵی ڕاستینەی خۆی لایدا و بەسەدان کەسی مەدەنیان لە هەندێك چالاکی تیرۆرستی ئەو ڕێکخراوەدا بوونە قوربانی واتە گەلانی ئێران لە نێوان دووهێزی تیرۆریستی وەك، کۆنەپەرستی هەڵگەڕاوەکان و ڕێکخراوی موجاهدیندا مایەوە.

بەهۆی شەڕی چەندساڵەی ئێران، عێراق ئەم ڕێکخراوە لە لایەن حکومەتی بەعسی فاشیستی عێراقەوە داڵدەدراو پڕچەك کران بەمەبەستی سوودلێوەرگرتنی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە وەك هێزێك بۆ سەرکوت کردنی بەرهەڵستکارانی. ئەم ڕێکخراوە لە یەکەمین ڕۆژیانەوە لە عێراق تاکو دواین ساتەکانی ڕوخانی ئەو ڕژێمە بێ درێغی کردن خزمەتی سیاسەتی بەغدادیان کردووە و بونەتە پێکهێنەری خواستەکانی ڕژێمی بەعس حکومەتی سەدام لە کاتی شەڕی ئێران، عێراق تەنها جارێك دەستی لە کوشتنی کەسانی مەدەنی نێو شارەکانی ئێران بە تۆپ و فڕۆکە نەپاراستووە ئێرانیش بەهەمان شێوە ئیتر دەبێت داڵدەدانی ئەم ڕێکخراوە و پڕچەك کردنیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە چی مانایەکی مرۆڤایەتی تێدا دەبینرێت و دەبێت بەعسی ویژدان مردوو چی سۆز و بەزەییەکی بۆ خەڵکی ئێران هەبووبێت یان چی مەبەستێك لە پشتیەوە هەبێت.

ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان و مانەوەیان لە عێراق پاداشتی داڵدەدانیان سەری بەرهەڵستکارانی عێراقی وەك عەرەب و کوردیان بەدیاری بۆ سەدام دەبرد، ئەمانە چەندین جار شان بەشانی میلیتار و گاردەکانی کۆماری و

گیانبازانی سەدام ( فیدائین صدام) هێرشیان کردووەتە سەر بنکەو بارەگا و چەکدارانی کورد و عەرەبی دژ بە ڕژێمی فاشی بەغداد، ڕاپەڕینی خەڵکی عێراقی لە باشووری عێراق و کوردستان لەبەرچاوترین نمونەن کە موجاهدینی خەلق چی ڕۆڵێکی ئاکتڤیان هەبوو لە سەرکوت کردنی خەڵکی ڕاپەڕیووی عێراق و قەتڵ و عام کردنیان، یەکێك لە ئەندامانی دابڕاوی ئەو ڕێکخراوە لە دانپیانانێکیدا دەڵێت ( منداڵێکی تەمەن پانزەساڵەی کوردمان گرت بەبیانووی ئەوەی ئەمە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە هەیە کوشتمان) خودی مەسعود ڕەجەوی سکرتێری گشتی ڕێکخراوەکە فەرمانی دابوو بە چەکدارەکانیان کە دەست لە کوردەکان نەپارێزن بەهەرشێوەیەك بۆتان دەکرێت لە ناویان ببەن چاویان لێ مەپۆشن، من بۆ ئەو کەسانەی کە دیفاع لەو ڕێکخراوە و سەرانیان دەکەن بەتایبەتی هاوڕێیانی ( حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و عێراق) نمونەیەك دێنمەوە کە خۆم بینەری بووم واتە بەچاوی خۆم دیومە ( لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کاتێك شاری کەرکوك کەوتە دەست خەڵکی کوردەوە و ئازاد کرا، ئەو کاتەی سوپای عێراق لە تەواوی جوغرافیای عێراقدا شپرزە ببوو ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق، هێرشێکی بەرفراوانیان کرد بۆ سەر شاری کەرکوك و تاکو شارۆچکەی قەرەهەنجیری نزیك چەمچەڵیان خستە ژێرکۆنترۆڵی خۆیانەوە، لەئەنجامی هێرشەکانیاندا و دەست گرتن بەسەر شاری کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری، بەسەدان کەسیان کوشت و گوللە باران کرد کە لەناویاندا ژن و منداڵیش هەبوون شارۆچکەی قەرەهەنجیر گەواهی ئەو ڕاستیەیە کەئەو ڕێکخراوە بەنائینسانی ترین شێوە هێرشی کردوەتە سەریان و خەڵکەکەی کۆمەڵ کوژ کردوون، من ئەو کاتە تەمەنم پانزە ساڵان بوو کە بیستم تەرمی شەش شەهید هێنراونەتە مزگەوتەکەی نزیك ماڵمان واتە لە سلێمانی، کەلە قەرەهەجیر بەدەستی موجاهدینی خەلق شەهیدبوون و نازانرێت کێن تەرمەکان دەناسرانەوە بەڵام ناسنامەیان دیار نەبوو کە کێن و کوڕی چی ماڵە هەژارێکی نیشتیمان پەروەرن، چوونکە ژمارەیەکی زۆر لەو تەرمانە کەلە شاری کەرکوك و قەرەهەنجیر دۆزرانەوە و هەموویان بەدەستی موجاهدین شەهیدکرابوون بەشێك یان هێنرانە سلێمانی بەسەر چەند مزگەوتێکدا دابەش کران تاکو کفن و دفن بکرێن، من چوومە سەر تەرمەکان و بەچاوی خۆم دیمن کەبەچی ڕەفتارێکی هۆڤیەتی و وەحشیگەری شەهیدیان کردبوون هەندێك لە شەهیدەکان دەستیان بەسترابوو هەمووشیان یەکی چاوێکیان دەرهێنابوون و پێش گوللە باران کردنیان بە قەمە گیانیان هەنجن کردبوون دیاربوو کە بەدیلی شەهیدیان کردبوون، کوشتنی دیل پێچەوانەی هەموو یاساکانی زەوی و ئاسمانە، هەموو شەهیدەکان کوڕی گەنج و تازە پێگەیشتوبوون، من دایکم بانگ کرد کە بچێت سەیری تەرمەکان بکات چونکە چەند ناسراوێکمان لەبەرەی شەڕدابوون کە ئایا کەسیان لێناناسێتەوە دایکم سەیری کرد کەسی لێنەناسین بەڵام لە جیاتی دایکی ئەوان بەکوڵ بۆیان گریا، تاکو ئەو ساتەش دایکی شەهیدەکان بێ ئاگابوون لە کوڕەکانیان و چاوەڕوانی گەڕانەوەیان بوون، ئێمەش خەڵکی گەڕەك تاکو درەنگانی شەو خەریکی تەرمەکانبووین، شۆردمان و تاکو ئەو کاتەی بەخاکمان سپاردن خوێنیان لەبەر دەڕۆیشت چونکە شەهیدبوون) . . .

من یەکێك لەو ڕووداوانەم دیوە کە ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق بۆ مێژووی پڕ شەرمەزاریان تۆماریان کردووە، ئاخۆ چەندین کورد و کەسانی تری بێتاوانی وەك ئەوانەی من دیومن هەبوون کە بەدەسی سەرانی ئەم ڕێکخراوە شەهید کرابێتن، من چۆن ئازادی بۆ خۆم و گەلەکەم دەخوازم بەهەمان شێوە ئازادی بۆ تەواوی گەلانی ئێرانیش دەخوازم کە ئێستا لە ژێر چەپۆکی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامیدا دەناڵێنن بەڵام ئەوە ناکاتە ئەو مانایەی کە موجاهدینی خەلق بەناوی بەدەست هێنانی ئازادی بۆ گەلی فارس بازرگانی بەخوێنی کورد و عێراقیەکانەوە بکات و خەڵکانی تر بکات بە قوربانی بەرژەوەندیەکانی ڕێکخراوەییان، من بێگومانم موجاهدینی خەلق نوێنەری گەلانی ئێران نیە و گەلانی ئێران بە نوێنەری خۆیانی نازانن، ئەمڕۆ موجاهدینی خەلق کورد لە باشووری کوردستان کۆمەڵ کوژبکات سبەینێ چی ئازادیەك بە برایانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببەخشن.

من دڵگرانم کە دەبینم هاوڕێیانی حزبی کۆمونیستی کرێکاری ئێران و عێراق، بەسەر سەختی بەرگریان لێدەکەن لەم کاتەدا کە گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژی و باشترین هەلە بۆ دادگای کردنیان.

دیارە منیش لەگەڵ ئەوەدانیم کە ئەوانە بدرێنەدەست ڕژێمی تەهران چوونکە فەرمان ڕەوایانی تەهرانیش خاوەن هەمان ڕەووشتن و بۆ ئێمە هەمان ڕژێمە بەڵکو من داوای سزادانیان دەکەم لە دادگایەکی عادیلانەدا، بەڵام بەرگری کردن لەوانە هەڵوێستێکی دوور لە

ڕەوشتی مرۆڤایەتی و کومەڵایەتیە، هیچ یاسایەك لەم جیهانەدا نیەلە نمونەی ئەو کارنە خۆشبێت کە موجاهدینی خەلق و هاوپیشەکانی ئەنجامیان داوە و دەیدەن.

هاوڕێیانی کۆمۆنیست، کاتێك شۆڕشی سۆسیالیزم بەسەرکردایەتی هاوڕێ ( لینین) بەسەر ڕژێمی مۆنارشی ڕووسیا سەرکەوت و تەفرو تونایان کرد هەموو ئەوانەی تاوانیان ئەنجام دابوو سزادران، ماوتسی تۆنگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیزمی چین و گرتنە دەستی دەسەلات، هەموو تاوانبارانی بەسزاگەیاند و بگرە چەندین لە تاوانباران لەلایەن گەلەوە لەسێدارەدران، لەڤێتنامیش بەهەمان شێوە.

هەموو ئەو گەلانەی ئازادی خۆیان بەدەست هێنا تاوانبار و خیانەتکارانیان سزادا، هەل و مەرج چۆن و چی دەبێت بابێت پێویستە تاوانباران بە سزای خۆیان بگەن.

هاوڕێیان، من ئەوەندەی لە مانیفێستۆی کۆمۆنیزم و پەڕتووکە سوورەکان تێگەیستبێتم نەمدیوە لە دێڕێکدا نوسرابێت تاوانباران شایانی لێبووردنن، مارکس، ئەنگلز، لینین و هەموو سەرکردە سۆسیالیزمەکان، تاوان و تاوانباران مەحکوم دەکەن.

هاوڕێیان، بەرگری کردنی ئێوە لە سەرانی موجاهدینی خەلق، دژی پرەنسیپەکانی کۆمۆنیم و مافەکانی مرۆڤە، ئازادی گەلێك بەکوشتن و لەناوبردنی گەلێك و پێشێل کردنی حقوقی گەلێك دەستەبەر ناکرێت، موجاهدینی خەلق لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی بۆ گەلانی ئێران هاولاتیانی ئێمەی شەهید نەکردووە کەئەوەش کارێکی نارەوایە، بەڵکو بۆ خزمەت کردن بە سیاسەتی بەعس و پتەوکردنی دەسەلاتی سەدامی دڕندە ئەو کارەی کردووە بۆیە هەموو ئەوانەی هاوکاری ڕژێمی دکتاتۆری عێراق بوون و لە لەناوبردنی خەڵکی عێراقدا دەستیان هەبووە پێویستە بەیەك دەنگ داوای دادگایی کردن و سزادانیان بکەین، من وەکو کوردێك داوادەکەم بەرێزتان دەست لەو هەلۆیستەتان بەردەن و لەسەر ڕێبازی سۆسیالیزمی ڕاستەقینە خەباتتان بەردەوام بێت.

ئەڵمانیا ـ هانۆڤەر

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت